# ڕۆڵی چیرۆك لە پاراوی زمانی لای منداڵانی باخچەی ساوایان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ئیدارەی ڕاپەڕین
## لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەران

د. پۆلا عبدالصمد محمود                م.ی.شێروان شریف عزیز

## بەشی یەکەم
## کیشەو گرنگی لێکۆڵینەوەکە

- پێشەکی.
- کێشەی لێکۆڵینەوەکە.
- گرنگی لێکۆڵینەوەکە.
- ئامەنجەکانی لێکۆڵینەوەکە.
- نمونەی لێکۆڵینەوەکە.
- سنوری لێکۆڵینەوەکە.
- دەستنیشانکردنی چەمکەکردارییەکانی لێکۆڵینەوەکە.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**پێشەکی**

چیرۆکی منداڵان بە یەکێك لە هونەرە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵان دادەنرێت و یەکێکە لە هۆیەکانی پەروەردەکرن و گەشەپێدانی توانا هزری و مەعریفی و زمانیەکانە، هەروەها شادی و خۆشیان پێدەبەخشێت بە تایبەتی کاتێك بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان کەسایەتیەکان دەکات، خودی خۆی لە کەسایەتیەکی ناو چیرۆکەکە دەبینێتەوە. ئاشناکردنی منداڵ لە سەردەمی منداڵی بە چیرۆك دەبێت بە سەرچاوەو پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەوەی دوای گەورەبوونیان گرنگی زۆر بە خوێندنەوەو سەرچاوە زانستیەکانی تر بدەن، لە ئەنجامی گردبوونەوەیان لە چواردەوری مامۆستاو گوێگرتن لە چیرۆکەکان، منداڵ لە گۆشەگیری و دڵەڕاوکێ و فۆبیای کۆمەڵایەتی ڕزگاری دەبێت و زمانی زیاتر پاراو دەبێت (د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠١٤ : ٩٠).

کەواتە دەتوانرێت بووترێت چیرۆکی منداڵان ئەو هونەرە ئەدەبیە گرینگەیە زیاتر منداڵان بە نەریت و یاساکانی کۆمەڵگە ئاشناو پابەند دەکات، وا دەکات سەرجەم یاساو نەریتەکان بە پیرۆز بزانێت و هاوکات یارمەتیشی دەدات بۆ گونجان لەگەڵ ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە و گەشەپێکردنی توانا زمانی و دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگی زمانی منداڵ ( ڕەمەزان حەمەدەمین، ٢٠١٤ : ٢٩١ ).

چیرۆکی منداڵان ڤوتابخانەیەکە ڕێگای ڕاستی ژیانیان بۆ دەخاتە ڕوو و ڕۆشنی دەکاتەوە کە بەبێ ترس بەسەریدا بڕۆن و شارەزایی و زانیارییەکی زۆریان لەبارەی ژیان و زۆربەی بوارەکانیەوە بۆ پەیدا دەبێت، کەواتە ئامانجەکەی پەروەردەییەو منداڵ لێوەی فێری زۆر ڕەوشت بەرزی و جوانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی دەکات ( خالیدە قادر فەرەج، ٢٠١٣ : ٥١ )، وەك ڕاستگۆیی و دەستپاکی و وەفاداری و نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی.

هەروها چیرۆك لە شێوازە ئەدەبیانەیە کە بەتواناترین شێواز ئەژماردەکریت کە دەتوانێ کار لەسەر گەشەی تواناکان بکات لە دەروونەدا، کەرەستەیەکیشە بۆ چونە ژوورەوی جیهانی منداڵ وکاریگەری لە دەروونەدا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی منداڵ گوێبستی چیرۆك دەبێت بە گرو تینێکی زۆرەوە و کاتێکی زۆر لە لەگوێگرتنی دەباتە سەر، لەبەر ئەوە چیرۆك کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەژیانی منداڵاندا ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە پەروەردەکردنی و چەسپاندنی بەها ڕەوشتیەکان لە ناخیدا هەموو ئەمانەش کاریگەری خۆیان هەیە لە دەوڵمەندکردنی هزری منداڵ و پاشان ئەو کاریگەریە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەسەر زمانی منداڵ. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەبێت شارەزایی ناسینەوەمان هەبێت بۆ چیرۆك وکاریگەری لەسەر پاراویی زمانی لای منداڵی باخچەی ساوایان لەبەر ئەوەی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر منداڵ وئەو جیهانەی کە تیایدا دەژیت، هەر وەها کاریگەرەیشە لەسەر کەسایەتی و زمانی منداڵ، کە ئەمەش بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە کە توێژەران ئەنجامیانداوە، لەبەر ئەوەی چیرۆك گرنگیەکی گەورەی هەیە وەك باسکرا لەپێشوودا لەسەر ژیانی منداڵ و چیرۆك لەگەڵ خۆیدا توانایەك هەڵدەگرێ لەسەر سەرنجراکێشان و بەئاگاکردنەوەی منداڵان ، هەروها کار لەسەر وروژاندنی سۆزو هەڵچونەکان دەکات لای منداڵان، لەوەش زیاتر کار لەسەر وروژاندنی پرۆسە هزریەکان دەکات وەکو درکپێکردن وخەیاڵکردن کەئەمەش یەکێکە لەپێویستیەکانی زمان لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدارەوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوەکە خۆی کورت دەکاتەوە لە کاریگەری چیرۆك و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی پاراوی زمان لای منداڵانی باخچەی ساوایان، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە :

١- مەبەستمان چییە لە چەمکی چیرۆك ؟
٢- گرنگی خوێندنەوەی چیرۆك بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان چییە ؟
٣- ڕۆڵ و شێوازی چیرۆك خوانەکان چییە لەسەرنجراکێشانی منداڵ و گوڕو تینی  بۆ گوێ بیستنی چیرۆکەکە ؟
٤- ڕۆڵی چیرۆك لە گەشەکردنی پاراوی زمان لای منداڵانی باخچەی ساوایان ؟

ئەمەش بەهەستکردنی توێژەران لەڕێگەی کارکردنیان لەشوێنی کاریان و وتنەوەی هەندێك لەو بابەتانەی کە پەیوەستە بەم بوارە و خوێندنەوەیان بۆ لێکۆڵینەوە هاوشێوەکان درکیان بە گرنگی ئەم بابەتە و ڕۆڵ وکاریگەری کردو بە پێویستیان زانی کە لێکۆڵینەوەیەك لەم چەشنە بنوسرێت لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەی ئیستادا.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەڕووی تیۆری وپراکتیکیەوە:**

**گرنکی لێکۆڵینەوەکە لەڕووی تیۆریەوە:**

بایەخدان بە هونەری منداڵان و چیرۆکەکانیان و ڕۆشنبیریان ئاماژەیەکە بۆ پێشکەوتنی وڵاتان وفاکتەرێکی گرنگە لە بونیادنانی ئایندەیەکی گەش بۆیان، چیرۆکیش لەپێشەوەی بابەتەکانی تری ئەدەبدا دێت بۆیە گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لە گرنگی چیرۆك دەبینیتەوەو ڕۆڵی چیرۆك لەسەر هەموو بوارەکانی گەشەی منداڵ، هەروەها ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبنە مایەی سەرچاوەیەکی زانیاری لە کتێبخانەکانی تایبەت بە پەروەردەکردنی منداڵ.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی پراکتیکیەوە:**

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبنە هاوکار بۆ دام ودەزگا تایبەتەکانی پەروەردە، باوان سود لە ناوەڕۆکەکەی دەبینن لە پەروەردەکردنی باوانەکانیان.لەهەمان کات هاوکاری ماۆستایانی باخچەی ساوایان دەکات بۆ چۆنێتی بەکارهێنان وخوێندنەوەی چیرۆك بۆ منداڵان بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت لەسەر گەشەکردنی هزری و زمانی لای منداڵ.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

١- زانینی کاریگەری چیرۆك بەگشتی لەسەر پاراوی زمانی لای منداڵ.
٢- .زانینی گرنگی چیرۆك وجۆرەکانی لەسەر گەشەی منداڵ.
٣- زانینی گرنگی خوێندنەوەی چیرۆك وڕێگاکانی گیرانەوەی بۆ منداڵ.
٤- زانینی ڕۆڵی چیرۆك لەسەر گەشە پێدانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی منداڵ.
٥- ناسینەوەی کاریگەری چیرۆك و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی زمان لای منداڵانی  باخچەی ساوایان.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**سنوری لێکوڵینەوەکە:**

- **سنوری کاتی: لێکوڵینەوەکە ئەنجامدرا لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦- ٢٠١٧**
- **سنوری شوێن: ئەم لێکوڵینەوەیە کورتکراوەتەوە لەسەر مامۆستایانی باخچەی ساوایانی بەڕێوەبەرایەتی قەزای پشدەر.**

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

**میتۆدی بەکارهاتوو لەم لێکوڵینەوەیەدا میتۆدی وەسفیە کە تویژەران بەگونجاویان زانی بۆ ئەم بابەتە.**

**نمونەیلێکۆڵینەوەکە:**

**نمونەی لێکوڵینەوەکە ماۆستایانی منداڵانی باخچەی ساوایانی لە خۆ کرت کە (٣٠)ماۆستا بوون لە ڕەگەزی مێ، بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵدەبژێردران.**

**کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕاپرسی تایبەت بەو بابەتە بەکاردێت وەك کەرەستەی لێکوڵینەوە.**

**چەمکەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

- **چیرۆك :**

**پێناسەی تیۆری بۆ چیرۆك:**

**نووسینێکە بۆقۆناغە جیاوازەکان لە لایەن چیرۆکنووسانەوە دەنوسرێت بەشێوەی پەخشان، شوێنێکی بەرزی هەیە لە ناو ژانرە ئەدەبیەکان، ئامانج و مەبەستی گەیاندنی خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیرکردنی تاکە، واتە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکە کە بەسەر چەند کەسێکی دیاریکراودا دێن و تێدەپەڕن، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ( هیمداد حوسێن، ٢٠١٠، ١٢٩ ) .**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پێناسەی کرداری بۆ چیرۆك:**

هەموو ئەوانەیە کە دەنوسرێت وبەمنداڵ دەوترێتەوە بەمەبەستی دڵخۆشیان وکات بەسەربردنیان وئاراستەکردنیان و پەرەپێدانی تواناکانیان و سودوەرکرتن لێی بۆ وەرگرتنی بەها ویستراوەکان بەشێوەیەك کە گونجاوو بەسود بێت بۆیان.

- **پاراوی زمانی :**

**پێناسەی تیۆری بۆ پاراوی زمانی:**

توانای زمانیە کە بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارە لە خۆ دەگرێت لە وشەکان، ڕستەکان، وتەکان، هزری پەیوەندیدار بەبابەتێکی دیاریکراو، یاخود وەلاّمدانەوە بۆ وروژێنەرێکی زمانی لە قۆناغێکی کاتی دەستنیشانکراو(جمال محمد، ٢٠٠٥، ١٠٥).

**پێناسەی کرداری بۆ پاراوی زمانی:**

هەموو بەرهەمەکانی منداڵە لە دەربڕینەکان و شێوازە زمانیەکان وەك ئەنجامێك کە ئەم منداڵانە چیرۆکی ئامانجداریان وەرگرتووە کە گەشە بەزمانیان دەدات پێش چوونە قوتابخانە.

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری لێکوڵینەوەکە**

- **دروست بوون و سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان و پێشکەوتنی.**
- **چەمکی چیرۆك و جۆرەکانی :**
- **ئامانجی چیرۆك و گرنگی خوێندنەوەی بۆ منداڵ**

**پێشەکی :**

لەم بەشەدا باس لە دروست بوونی چیرۆك وسەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵ دەکەین چۆنیەتی پیشکەوتنی هەروەها باس لە چەمکی چیرۆك و جۆرەکانی چیرۆك دەکەین، پاشان ئامانجی چیرۆك وگرنگی خوێندنەوەی چیرۆك دەکەین بۆ منداڵ بەم شێوەی کە لەخوارەوە هاتووە:

**دروست بوون و سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان و پێشکەوتنی :**

سەرەتای ئەدەبی منداڵان لە چەند حیکایەت و ئەفسانەیەکی خەیاڵیدا پێکهاتبوو، وەکو حیکایەتەکانی ( ئیسوب )* کە لە نێوان ساڵانی ( ١٤٧٥ – ١٤٨٠ ) دا چاپکراوە، ئەم بەرهەمەش لە ساڵی ١٤٨٥ دا بە زمانی ئینگلیزی لە چاپخانەی گاگستۆن چاپکراوەو بلاّوبووەتەوە، ئینجا دوای ئەمە بە زباتر لە چوارسەد ساڵ ئەو حیکایەتانە لە ساڵی ١٨٤٨ دا لە لایەن ( تۆماس جیمس )ەوە لە لەندەن چاپکرانەوە ( شیلا أیغوف ، ١٩٨٥ : ٨٣ ) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەلاّم بەپێی قۆناغی مێژوویی سەرەتای ئەدەبی جیهانی منداڵان لە فەرەنسا سەری هەڵداوە، ئەوەش بە بلاّوبوونەوەی حیکایەتی ( لافۆنتین ) لە لایەن ( جان دی لافۆنتین )لە ساڵی ( ١٦٢٣ – ١٦٩٥ ) دەوە، کە بە ڕابەری ئەدەبی منداڵانی فەرەنسا ناسراوەو ئەم حیکاتانەی بەشێوەی هەڵبەست داناوە، بەدیاری پێشکەشی لویسی چواردەهەمی کردووە .**

**دوای "لافۆنتین" وەك بایەخدان بە نووسین بۆ منداڵان چیرۆکەکانی ( تشالز بیرۆ ) بووە، کەوا کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی ( دایکە قازەکەم ) بلاّوکردەوە، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبی منداڵان، چیرۆکی منداڵان بەتایبەتی لە فەرەنسا لەسەدەی هەشدەهەم لەسەر دەستی (جان جاك ڕۆسۆ ) لە ساڵی ( ١٧١٢ – ١٧٧٨ ) دا گەشەیکردووە،**

**★ئیسوب حەکیمێکی یۆنانییە لە ساڵی ٦٢٠ پ. ز. دا لە دایك بووە، ماوەیەکی زۆر وەکو کۆیلە ژیاوە، بەلاّم بەهۆی ژیری و ئازایەتی خۆیەوە توانیویەتی سەربەستی خۆی بەدەست بهێنێت، زۆربەی فەیلەسوفەکان باوەڕیان بە حیکایەتەکانی هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی قصص الحيوان في الأدب العربي القديم ، داود سلوم ، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩ ، ص ٣٥ .**

**لە کتێبەکەیدا بەناوی ( ئەمیل )، لە ساڵی ( ١٧٦٢ ) دا بلاّوکرایەوەو تێیدا داوایکرد ئاگاداری منداڵ بکرێت، چونکە باوەڕی بە منداڵ هەبوو وەکو مرۆڤێك خاوەن کەسایەتی خۆیەتی ( كافية رمضان ، فيولا بيبيلاوي، ١٩٨٤ : ٢٩٨ ). دوای فەرەنسا لە ئینگلتەراش ئەدەبی منداڵان گەشەیکرد، ئەمەش بە بلاّوکردنەوەی چیرۆکی ( ڕۆبنسۆ کرۆسۆ ) لە لایەن " دانیال دیفۆ " وە لە ساڵی ( ١٧١٩ )، ئەم چیرۆکەش بە سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکی هونەری دادەنرێت( هادي الهيتي ، ١٩٧٨ : ٧٨ ).**

**لە ئەمەریکاش لە ساڵی ( ١٧٤٦ )دا چەند نامیلکەیەکی منداڵان دەرچوو، ناوەڕۆکەکانیان بریتی بوون لە ئامۆژگاری ئاینی و بیرو باوەڕی ئینگلیزەکان، دوا بەدوای ئەمەش گەلێك چیرۆکی تر بلاّوکرانەوە، زۆربەیان شێوازی نووسەرە ئەوروپیەکانیان پێوە دیار بوو، وەك چیرۆکی ( قوتابخانەی ڕەوشت ) لە ساڵی ( ١٧٩٦) بلاّوکرایەوە. هەروەها لە روسیاش چیرۆك وەك بەشێك لە ئەدەبی منداڵان گەشە سەندنێکی باشی بەخۆیەوە بینی، بەهۆی نووسەرە بەناوبانگەکانیەوە، کە دەستێکی باڵایان لەم بزوتنەوەیەدا هەبوو، وەکو ( تۆڵستۆی ، پۆشکین ، چیخۆڤ ، گۆرگی )و چەندانی تریش، لەساڵی ( ١٩٣٣) (ماکسیم گۆرگی ) دەزگایەکی تایبەتی بۆ منداڵان بە سەرۆکایەتی (مەگارینکۆ) دروستکرد، لە هەموو ڕۆژنامەکانی ڕوسیادا بانگەوازێکی بۆ منداڵان بلاّوکردەوە، پرسیاری دەکرد (ئایا منداڵان حەز بە چ باسێك دەکەن و چیان لا خۆشە تا پێشکەشیان بکرێت؟)، پاش ئەمە لە هەموو لایەکی ئەو وڵاتەوە سەدان نامە بە دەست و خامەی ساکاری منداڵان نووسراوی گەیشتە دەست و نموونەیەکی زۆریش لەو نامانە بلاّوکرایەوە ( خالیدە قادر فەرەج ، ٢٠١٣ : ٢٧، ٢٨ ).**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەگەر سەيرى ئەدەبى عەرەبى بكەين، چيرۆكى منداڵان وەك بەشێك لەو ئەدەبە دەمێكە گرنگى پێدراوە، عەرەبە كۆنەكان لەسەردەمى خۆياندا منداڵەكانيان دەنارد بۆ بيابان لەگەڵ كۆچەرە بيابانيەكان، پاشان نەيان دەگەڕاندنەوە بۆ زێدى خۆيان تا تەمەنى هەشتدە ساڵى، لەوێوە فێرى پاراوى زمانى و چيرۆكەكانى ئازادى و سەربەستى و سوارچاكى دەبوون، دواى هاتنى ئاينى ئيسلام گۆڕانكارى گەورە بەسەر ئەدەبى منداڵان بەتايبەت چيرۆك بۆ ئەم چينە داهات، بيرو بۆچوونەكانى سەردەمى نەزانيش لەبارەى منداڵان و چۆنيەتى پەروەردەكردنيان، منداڵ بووە جێگاى بايەخى نووسەرو شاعيرەكانيان، هەوڵى دانانى بناغەيەكى بەهێزى ئەدەبى منداڵانيان داوە، لەوانە چيرۆك، كە لەسەرەتادا سووديان لە ئەفسانەو داستانەكان دەبينى و بە بەرگێكى ئاينى داپۆشرابوون هەمووى لە چوارچێوەى ئامۆژگارى و پاداشتى چاكەو ئەنجامى خراپەدا دەسووڕايەوە، بەهۆى بڵاوبوونەوەى ئاينى ئيسلام بە زۆربەى وڵاتانى ڕۆژهەڵاتدا چەند جۆرە چيرۆكێكى تر هاتە ناو ئەدەبى منداڵانەوە، كە زۆربەيان فۆلكلۆرى بوون، يان كاريگەرى چيرۆكە ميلليە ڕۆژهەڵاتيەكانى پێوە دياربوو، وەكو چيرۆكەكانى ( كليلەو دمنە )ى (بەيدەبا)  لە وڵاتى هيندستان، كە ( عەبدوڵاى كوڕى موقەفەع ) وەريگێڕاوەتە سەر زمانى عەرەبى، چەندان چيرۆكى تريش بڵاو بوونەوە كە دەنگدانەوەيەكى باشيان هەبوو نەك تەنها لە دونياى منداڵان بەڵكو بۆ كەسە بەتەمەنەكانيش بيستنيان چێژێكى تايبەتى هەبوو بۆيان، وەك ( هەزارو يەك شەوە ) كە لە عەرەبيدا بە  ( ألف ليلە و ليلە ) ناوى دەركردوە، كە بەهرەى مێژووەكەى دەگەڕێتەوە بۆ فارسيەكان و هينديەكان، بەڵام ميسريەكان زۆر بە ئاشكرا هەندێك حيكايەتيان تيائاخنيووە كە داب و نەريتەكەى لە هى ميسريەكان تێپەڕناكات هەر بۆيەش بە بەرهەمێكى ميسريش ناو دەبردرێت.(http://pu.edu.pk/images/journal/arabic/PDF/)

لەسەرەتاى سەدەى نۆزدەهەمدا، پاش ئەوەى ئەدەبى منداڵان لە ئەوروپا گەشەى سەندو بەرەو لوتكەى بايەخپێدان هەنگاوى دەنا، لەوڵاتە عەرەبيەكانيش، بەتايبەت لە ميسر، نووسەرانى ئەم وڵاتە هەوڵياندا هەندێك چيرۆكى وڵاتانى ئەوروپا وەرگێرنە سەر زمانى عەرەبى، ( رفاعة رافع التهاوي و عثمان جلال ) لەونووسەرانەبوون كە چيرۆكەكانى ( ئێسوب )يان وەرگێڕايە سەر زمانى عەرەبى بەناوى ( العيون اليواقظ )*، ئەديبان و شاعيرانى عەرەب ئەم چيرۆكانەيان بە شيعر هۆنيوەتەوە بەتايبەت "أحمد شوقى" كە زياتر لە سێسەد چيرۆكى بە هەڵبەست و گۆرانى بۆ منداڵان نووسيوە و لە كتێبێكدا بەناوى ( ديوانى منداڵان ) بڵاويكردۆتەوە، وێراى ميسر وڵاتانى تريش وەك لوبنان و سورياو عێراق و تونس و ئوردن، بايەخيان بە چيرۆكى منداڵان داوەو بڵاوكراوەى تايبەت بەو بوارەى ئەدەبى منداڵانيان هەبووە، بۆنمونە لە ئوردن گۆڤارى (حاتم ) لە ساڵى ( ١٩٨٢  )و گۆڤارى ( وسام ) لە ساڵى ( ١٩٩٦ ) بڵاوكرانەوە، ئەم ڕەوتى گرنگى پێدانە تائێستاش لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبيەكان تا ئێستاش بەردەوامەو لە گەشەسەندن دايە ( خاليدە قادر فەرەج  : ٢٠١٣ : ٣٠ - ٣١ ).

سەرهەڵدان و گەشەكردنى چيرۆكى منداڵان لە ئەدەبى كورديدا، وەك هەموو نەتەوەكانى تر سەرەتا فۆلكلۆريان وەك سەرچاوە بەكارهێناوەو چيرۆكيان تێدا هەڵهێنجاوە، كورديش خاوەن ژێرخانێكى گەورەيە لە حيكايەت و چيرۆكى منداڵان، لە زارى چيرۆك خوانەكانەوە بەدەم ئاگردانەوە بۆ منداڵانيان دەگێرايەوە، ئەم



كۆنفرانسى ( كاريگەرى زمان و ئەدەب لەسەر بنيادى هزرى و درێژەپێدانى زانستى)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

چیرۆکانە لە مێشك و دڵ و دەروونی نەوە دوای نەوە بە تۆمارکراوی دەمایەوە. بناغەی دامەزراندنی ئەدەبی منداڵان لە لای کورداو چیرۆکیش وەك بەشێك لەو ئەدەبە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتدەیەم، کە ئەحمەدی خانی ( نەوبەهارە بچووکە )ی بۆ منداڵان داناوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٦ ، ٣٨ ) .

**عبدالستار طاهرشریف دەڵێت :** " ئەگەر نووسینەکانی خانی بۆ منداڵان بە سەرەتای ئەدەبی منداڵانی کورد لە قەڵەم بدەین، ئەوە ئێمەی کورد لە ڕووی دەستپێکردنی نووسین بۆ منداڵانەوە ئەوەندە لە وڵاتە ئەوروپاییەکان دوانەکەوتووین " ( عبدالستار طاهر شریف، ١٩٨٨ : ٣٤ ) . بەرەو پێشچوونی چیرۆك لە ئەدەبی منداڵانی کورد تەمەنێکی ساوای هەیە، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە چیرۆکی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا ڕەتێکیداوەو لە بزاوتن دایە، هەروەها چیرۆکی منداڵانیش لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی دڵسۆزدا کە خۆیان بە نووسینی ئەدەبی منداڵان خەریککردبوو، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی منداڵان مامۆستا ( شاکر فەتاح ) لە ساڵی ( ١٩٣٥ )دا لە زمانی عەرەبیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دوو توویی بەرگێکی قەشەنگدا و بە خەتێکی ڕەنگاو ڕەنگ و ڕازاوەو پڕ لە وێنەی جوانی منداڵانە لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغداد لە چاپی داوە، ئەم کۆمەڵەش بریتی بوون لە هەشت کورتیلە چیرۆك، کە لەسەر ژیانی منداڵ و لەسەر زمانی گیانداران نووسراون، چیرۆکەکان زۆر سوود بەخش و بەکەڵکن لەسەردەمیکدا لە پەڕاوە کوردیەکانی قوتابخانە خوێندراون، مامۆستا شاکر فەتاح لە ساڵی( ١٩٤٨ )دا ( هاوڕێی منداڵی ) بەچاپ گەیاند، دوا بە دوای ئەوە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان و گەلێك لە نووسەرو شاعیران چیرۆك و هەڵبەست و نووسینیان بۆ منداڵان داناوەو وەرگێڕاوەو بڵاوکردۆتەوە، بۆنمونە کۆششی دڵسۆزانەی مامۆستا ( نەجمەدینی مەلا ) لە ڕۆژنامەی ( ژین )، هەروەها گۆڤاری ( بەیان ) لە یەکەم ژمارەیەوە تا دواین ژمارەی گۆشەیەکی تایبەتی هەیە لە ژێر ناوی ( چیرۆك بۆ منداڵان )، کە نوسەری ئەم بەشەش مامۆستا ( ن ع )ە،

*العیون الیواقظ: بەواتای چاوەکراوەکان دێت.

لە هەموو ژمارەیەکدا چیرۆکێکی ڕێك و پێك و جوان و بەکەڵك لە زمانێکی بێگانەوە وەردەگێڕێ و بە وێنەو چوارچێوەیەکی ڕازاوە دەیخاتە بەردەست منداڵانی کورد. ( محەمەد ڕەشید فەتاح ، ٢٠٠٩ : ٢٧ )

**چەمکی چیرۆك و جۆرەکانی :**

چیرۆك کارێکی هونەری ڕاستەقینە یان خەیاڵییە، لە شێوەی پەخشان یان شیعر دادەڕێژرێت و زیاتر پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت و زمانێکی تایبەتی دەوێت بۆ پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی، پاڵەوانێك یان چەند پاڵەوانێك ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن، ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە چیرۆکنووس ئەندێشەیەکی هونەری ڕێك و پێکی تێدا بەکاردێنێت .( file:///C:/Users/raz/Downloads) .

ئەم پێناسەیە کەم تا زۆر چیرۆکی منداڵانیش دەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی لە بارترین هۆیەك بۆ گەیشتن بە منداڵ و خولیاکانی چیرۆکە، لە ڕێی چیرۆکەوە منداڵ زمانی خێرو شەڕ لە ژانی ڕۆژانەی جیا دەکاتەوە لێرەشەوە ناڕاستەوخۆ منداڵ بە لای زمانی خێردا ڕادەکێشێت و لە زمانی شەڕیش دووری دەخاتەوە، منداڵ


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەهۆی چیرۆکەوە زمانی پاراو دەبێت و زانیاری تەواوی دەست دەکەوێت و تێدەگات کامە ڕاستە و کامە چەوتە ( محمد فەریق حەسەن، ٢٠١٠ : ١٣١ ) .

چیرۆکیش وەك هەموو ژانەرە ئەدەبیەکانی تر لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت ئەوانیش بریتین لە :

١- **بیرۆکە** : ئامانجی نووسینی چیرۆکەکەو مەبەستی خستنە ڕووی چییە، سوود وەرگرتن و خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، چەق خستنە سەر پەیوەندی نێوان کەس و رووداو و بیرۆکەی پێشکەشکراو و دەیان بەستێتەوە بە ناونیشانی چیرۆك و ناوەکانیش بە جۆری کەسایەتیان و ئاستی کۆمەڵایەتیان .

٢- **ڕووداو** : لە چیرۆکدا پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە، دەبێت ڕووداوێك هەبێت تا وەکو بینای چیرۆکەکەی پێ بنیادبنرێت، چیرۆکەکە بۆ گەوران بێت یان منداڵان ئەوا لە کۆمەڵێك کارو کردەوەو بەسەرهات و گیروگرفت پێکدێت، کە بەسەر پاڵەوانی چیرۆکەکەدا دێت و ململانێی نێوان کەسایەتیەکان تر دیاری دەکات و لە دەوری ناونیشانە گشتیەکەدا دەسوڕێتەوە و بەدوای وەڵامی چوار پرسیاردا دەگەڕێت، ئەوانیش ( چۆن ؟ ، لەکوێ ؟ ، کەی ؟ ، لەبەرچی ؟ )ن ، هیچ چیرۆکێکیش بەبێ ئەم ڕووداوانە درووست نابێت، چونکە " روداو ڕەگەزێکی زۆر گرنگی چیرۆکە، یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی سەرکەوتنی چیرۆك هەرچەندە چیرۆکەکە بەجوانی نوسرابێت، بەڵام ڕووداوی تێدا نەبێت، ئەوا ناتوانرێت بە چیرۆکی دابنێین ". ( مظفر مصطفى إسماعيل، ٢١١ : ٨٩ )

٣- **کەسایەتی** : ڕەگەزێکی گرنگە و هەڵسوڕێنەری ڕەوشی چیرۆکە ، لەناو جوغزی کاتدا گەشە دەکات، چیرۆکنووس بە شێوەیەکی ئاسایی جۆری کەسایەتیەکان دیاری دەکات، بە لە بەرچاوگرتنی چەند لایەنێك کاریگەری کەسایەتیەکە بەسەر شوێن و ڕووداو و ڕەگەزەکانی تردا دیاریدەکات، لایەنەکانیش ئەمانەن :

- **لایەنی فیزیکی** : یەکێکە لەو لایەنانەی کە چیرۆکنووس لە ڕێگەیەوە کەسایەتیەکانی ناو چیرۆك بە خوێنەر و گوێگری چیرۆکەکان بناسێنێت و ئەوانیش کەسایەتیەکان بە پێی سیفەت و تایبەتمەندی لەش و لاریان و درێژی و کورتی باڵایان و جۆری ڕەگەزیان لە یەکتر جیا دەکەنەوە، لایان ڕونتر دەبێت.
- **لایەنی کۆمەڵایەتی** : ئەو لایەنەیە کە چیرۆکنووس بنەماکانی بیرو باوەری کەسایەتیەکانی ناو چیرۆك و ئاستی کۆمەڵایەتی و جۆری ئەو کارەی کە پێی هەڵدەستێت و ئاستی ڕۆشنبیری و چالاکی و هەموو لایەنەکانی کە کاریگەرن لە ژیانیدا، سەر بە چ ئاینێکە و خەڵکی چ وڵات و ناوچەیەکە، پێی ڕووندەکاتەوە.
- **لایەنی دەروونی** : هەموو مرۆڤێك جا لە هەر قۆناغێکدابێت دوالیزمەیەکی کەسایەتی هەیە، پێکدێت لە ( فسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا )، ڕەنگە کەم تا زۆرێك کەسایەتیەکان لە ڕووی فسیۆلۆژیاوە لەیەکتر نزیك بن، بەڵام زۆر کەمن ئەو کەسانەی لە ڕووی دەروونیەوە هاوشێوەن یان لە یەکدی نزیکن، بۆیە چیرۆکنووس پەنا دەباتە بەر ڕوونکردنەوەی ڕەفتار و حەزو ئارەزوو بیرکردنەوەو هەڵچوونی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆك .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- **لایەنی شوێن** : بریتییە لەو واقیعە کۆمەلأیەتییەی کە چیرۆکنووس هەڵیدەبژێرێت و ڕووداوی چیرۆکەکەی تێدا دەهۆنێتەوە، ئەگەر شوێن بۆ چیرۆکی سەروی قۆناغی منداڵان لایەنێکی گرنگ بێت، ئەوا بۆ چیرۆکی منداڵان گرنگیەکەی زیاترە چونکە " بەستراوەتەوە بە واقیعی منداڵەوە، چونکە منداڵ دەیەوێت لەو واقیعەی خۆی و دەورووبەرەکەی تێ بگات و شوێنیش یەکێکە لە بنەماکانی ئەم واقیعە "( مظفر مصطفی إ سماعیل، ٢٠١١ : ٨٥ ).

٥- **گرێچن ( تەون )** : هەموو چیرۆکێك ڕووداوێکی سەرەکی و لەوانەیە چەند ڕووداوێکی لاوەکی تێدابێت، ڕووداوە سەرەکیەکە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و بەرە بەرە پەرە دەستێنێ و تا دەگاتە لوتکە پێی دەوترێت گرێچن( خالیدە قادر فەرەج، ٢٠١٣ : ١٢٧ ). لە چیرۆکی منداڵان یەك ڕووداوی سەرەکی دەخرێتە ڕوو، دەشێ چەند رووداوێکی لاوەکیشی تێدابێت، بەلأم لە ڕووداوی لاوەکیدا گرێچنی نییە، چونکە بەشێوەی دیمەن ئاسا باس دەکرێت و زیاتر گرنگی بە گۆڕنکاریەکان و بەرەو پێش چوونی ڕووداوە سەرەکیەکە دەدرێت، ئینجا بایەخی گرێچن لە نێو چیرۆکدا دەردەکەوێت.

**جۆرەکانی چیرۆك :**

ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵان پێشکەش دەکرێت زۆر جۆرن بەشێوەیەك ئاسان نیە سنورداری بکەین، هوکاری ئەم جۆراوجۆریەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پۆلێنکردنەکەی کە لەسەری دێتە ئاراوە.

لەم توێژینەوەیەشدا توێژەران چیرۆکەکانیان بەپێی ناوەڕۆکەکەی پۆلێنکردوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **چیرۆکی زانستی:**

ئەم جۆرە چیرۆکانەن کە باس لە ڕووداوێکی زانستی یاخود داهێنانێکی زانستی دەکات ، هەندێك جاریش پێیان دەوترێت خەیاڵی زانستی، چیرۆکەکانیش بەهادارن و بەستنەوەیەك دەکەن لە نێوان خەیاڵ و هونەرو زانستدا لە چوارچێوەی چیرۆکی درەوشاوەو چێژدار و سەرنجراکێش، ئەوەی کە جێی تێبینیە ئەم جۆرە چیرۆکانە لە ولأتە پیشەسازیە پیشکەوتووەکان باوو بەربلأون. کاریگەری ئەم جۆرە چیرۆکانەش لەوەدا دێت کە ئەم چیرۆکانە خەیاڵی منداڵ گەشەپێدەکات و توانا هزریەکانی پەرەپێدەدات، لەبەر ئەوەی وروژاندنی خەیاڵ وگەشەپێکردنی دەمانگەینێت بە گەشپێکردنی بیرکردنەوە لای منداڵان.

٢- **چیرۆکی ئاینی:**

بەگرنگترین جۆری چیرۆکی منداڵان ئەژماردەکرێت و بڵاوبوونەوەشی زۆر خێراترە، هەروەها کاریگەریشی لە سەر ناخی منداڵ زۆرە، ئەگەر بە جوانی بنووسرێت وداڕێژرێت ئەوە ڕەنگە کاریگەری باشی هەبی لە ڕووی پەروەردەکردنی ئاینیەوەو وەرگرتنی چەمکە ئاینیە دروستەکان، کە باس لە بابەتە ئاینیەکان دەکات وەکو بیروباوەڕو ژیانی پێغەمبەران و چیرۆکەکانی ناو قورئانی پیرۆز، نەتەوەکانی پێشوتر، هەروەها ڕەوشت و پاداشت وسزا کە یەزدان بۆ مروڤی داناوە.

٣- **چیرۆکی خەیاڵی(ئەفسانەیی):**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

باسکردنێکە کە لەسەر گریمانەی کەسایەتی و کارکردنی بێ سنورو بێ هاوتا دەکات کە بوونیان نیە لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە چیرۆکانەش قارمانەکانی ناوی کاری بێهاوتاو موعجزە دەهێننە ئاراوە، کە هیچ کەسێك لەڕاستیدا پێیناکرێ، ئەوەی جێی گرنگیە کە ئەم چیرۆکانە لایەنی هزری منداڵ پەرە پێدەدات سەبارەت بە گەردوون و زیندەوەرە سروشتیەکان و پێکهاتەکانی، بەم شیوەیەش هەنگاو بەهەنگاو منداڵان نزیك دەبنەوە لە ڕاستیەکان لەرێگەی قوڵبونەوە لەنێوان باش وخراپەکان، وا لەمنداڵان دەکات زیاتر هۆشیاربن (سمیرأحمد، ١٣٢٩: ١٤١ ).

٤- چیرۆکی گاڵتەئامیز:

ئەم جۆرە نزیکترین جۆرە بۆ ناخی منداڵ، لەبەر ئەوەی حەز بە خۆشی وگاڵتە دەکەن، زۆر جاریش منداڵان داوای دووبارەکردنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە دەکەن لەبەر ئەوەی دڵیان خۆشدەکات و ئاسودەدەبن و خۆشی دەخاتە ناو دەروونیان، گرنگی ئەم جۆرەش لەوەدا دەبینرێت کە منداڵان فشاری ژیان زۆرە لەسەریان، بۆیە پێویستیان بەم جۆرە چیرۆکانەیە، هەروەها خوێندنەوە خۆشەویست دەکات لای منداڵان هەوڵی زیاتر دەدەن بۆی (محموداسماعیل ، ١٤٢٩: ١٥٥، ١٥٦).

٥- چیرۆکی مێژویی:

جۆرێکە لە جۆرەکانی چیرۆك کە پشت بە ڕووداوە مێژووییەکان دەبەستێت، ئەم جۆرە دەبێتە تومارکراوێك بۆ ژیانی مروڤ و هەڵچوونەکانی لە چوارچێوەیەکی مێژوویی. چیرۆکی مێژوویی گرنگە بۆ منداڵ لەبەر ئەوەی کار لەسەر پەرپێدانی هەستی ئینتمابوون و کەرامەتی نیشتمانی دەکات، لەلایەکی دیکەوە گەشە بە هەستی قارەمانێتی و شانازی دەدات لە ڕێگەی ژیان نامەی قارەمانە مەزنەکان.

٦- چیرۆکی کۆمەلأیەتی:

ئەم جۆرە گرنگە بۆ منداڵ لەبەر ئەوەی ئەوان لە کۆمەڵگا دەژین و کار لەگەڵ کەسانی تردا دەکەن وکارلێکردن لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە روودەدات، بۆیە پێویستە کە کۆمەڵگاکە بناسن و تایبەتمەندیەکانی و شێوەکانی ژیان بزانن تێیدا، هەروەها جۆری پیشەو بیروباوەڕو داب ونەریتەکان فێرببن و بیانناسنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە باس لە خێزان و پەیوەندیە خێزانیەکان دەکات، هەروەها بوونە جۆراوجۆرەکان و شێوەکانی ژیان لە ژینگە جیاوازەکان دەکات.

٧- چیرۆکی ڕاستی(واقعی):

ئەم جۆرە چیرۆکانە گونجاوە بۆ منداڵانی قۆناغی کۆتایی لە قۆناغەکانی منداڵی، لە بەر ئەوەی منداڵان دەست بەوە دەکەن ڕزگاربن لە خەیاڵەکانیان لە ئەنجامی زیادبوون و زۆری پەیوەندیەکانیان بە کۆمەڵگاوە، ئارەزوویان بۆ زانینی راستی ژیان لە دەورو پشتیان و سروشت و ئاژەڵکان و گەشتکردن و زانستە جۆراوجۆرەکان دەستپێدەکات، پێویستە ئەم جۆرە چیرۆکانە بەشێوەیەکی سادەو ئاسان پیشکەش بکرێت تاکو بگونجێت لەگەڵ تواناکانیان لەسەر بیرکردنەوەو وەرگرتنی لەم قوناغەی ژیاندا (هبةالحمید ، ١٤٢٦ : ٩٧).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئامانجی چیرۆك و گرنگی خوێندنەوەی بۆ منداڵ :**

**یەکەم ئامانج لە چیرۆکی منداڵان :**

چیرۆکی منداڵان نووسینێکە بە ئامانجی گەیاندن و بەخشینی خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیرکردنی منداڵان دەنووسرێت، " واتە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکە بەسەر چەند کەسێکی دیاریکراودا دێت و تێدەپەڕن لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، کەسایەتیەکانیش ڕەنگە ئادەمیزاد یان ئەفسانەیی بن یاخود سەر بە جیهانی گیانداران بن، یان بێ گیان بن ئەمانەش گشتیان بە مەبەستی دروستکردنی کەسایەتیەکی ڕێکو پێك و جوان بۆ منداڵ ( ڕازاو ڕەشید صبری، ٢٠١٠ : ٧٨ ). هەربۆیە ئامانجی چیرۆکی منداڵان لە لای چیرۆکنووسان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە " شارەزایی پێدان لە گشت بوارەکانی ژیان و زۆرکردنی زانیاری و پاراوکردنی زمانی و لە هەمان کاتیشدا بریتییە لە بەسەر بردن و خۆشگوزەرانی ( هیمداد حسێن، ٢٠٠٧ : ١٨٢ ).

**دووەم چۆنیەتی هەڵبژاردنی چیرۆکی گونجاو بۆ منداڵان:**

چیرۆك دەبێت بیرێکی بە ئامانج و قازانجێکی پەروەردەیی تێدابێت، هەست بە ئارەزووی منداڵانی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێگەیشتنیان بکرێت، تا چ جۆرە چیرۆکێکیان بۆ هەڵبژێرێت، شێوەی داڕشتنی چیرۆکی منداڵان دەبێت بە زمانێکی سادەو ئاسانی ئەو تۆ بێت کە بیری چیرۆکەکە ڕەوان و ڕووداوەکانی بە زنجیرەبن، چونکە شێوەی ئاڵۆزو سەخت کەڵك و چێژو خۆشی چیرۆکەکە لەناو دەبات، بۆیە وا چاکە چیرۆك بە زمانێکی پاراو و پەتی بنووسرێت، لەگەڵ قسەو ئاستی منداڵان کەمێك بەرزتر بێت، بە بۆچوونی دکتۆر عەلی ئەلحەدیدی سێ مەرجی گرنگ هەن کە نرخ و بایەخێکی تەواو ئەدەن بە چیرۆکی منداڵان و گیانی بە بەردا ئەکەن، بۆ ئەوەی هەزاران منداڵ بیخوێننەوەو هەزارانی تریش گوێی لێبگرن وای لێبکەن بچێتە ناو ڕیزی چیرۆکە نەمرەکانەوە، ئەوا دەبێت لە هەڵبژاردنی چیرۆکدا ڕەچاویان بکرێت، بە پێچەوانەوە چیرۆکێکی گونجاو نابێت بۆ منداڵان، مەرجەکانیش بریتین لە :

١- باری دەروونی ئەم لایەنەیە کەوا لە چیرۆك دەکات کە لە ناخی منداڵاندا بژی و ببێتە بەشێك لە گیانی منداڵەکە، چونکە ئەو چیرۆکانەی ڕەچاوی باری دەروونی تێدایە هەمیشە لایەنی ئەرێنیان زۆرە بۆ خوێنەر و گوێگر.
٢- چیرۆکی باش تەنها لەیەك خاڵەوە بە شارەزایی یان ئەزموونی منداڵەوە نالکێت، بەڵکو ئارەزووی ئەورووژێنێت و زمانی پێی پاراو ئەبێت بۆ هەنگاونان، ئەو چیرۆکانەی بازنەی بیری فراوان ئەکەن بۆ دەورووبەری ژینگەکەی خۆی، ئەو چیرۆکانەن کە تێگەیشتنی قووڵ ئەکەن و وزەی پتر ئەکەن و ئاسۆی بیری فراوان ئەکەن .
٣- چیرۆکی باش ئەو چیرۆکەیە کە منداڵ خۆی پاڵەوانی ڕووداوەکان بێت، پەیوەندی لە نێوان ئەو بەشە کەمە لە ئەزموونی خۆی و ئەزموون بە واتا فراوانەکەی پەیدا دەکات، کاتێك منداڵ هەست بەم پەیوەندیە دەکات چیرۆکەکە لە دەروونیدا دەژی، دەتوانین بڵێین چیرۆکی منداڵان بۆ خستنەڕووی هەواڵ و بەسەرهات و ڕابواردن و زیادکردنی سامان و پێشکەشکردنی شێوەیەکی ئەدەبی و ڕوونکردنەوەو ڕێپیشاندانی ئادەمیزاد باسی خۆی بۆخۆی بکات (محمد ڕەشید فەتاح، ٢٠٠٩ : ٢٦ ).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سێیەم  ڕێگای خوێندنەوەی چیرۆکی منداڵان :**

چیرۆك ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی منداڵدا هەیە، دوای لە دایك بوونی بەماوەیەك منداڵ حەز لە دەنگی خۆشی دایك و باوکی دەکات و تام و چێژ لە قسە نەرم و نیانەکانیان وەردەگرێت، بەتایبەتیش کاتێك کە دایك لای لایەی بۆ دەکات، فەیلەسوفی گەورەو دامەزرێنەری باخچەی ساوایان ( فرۆبل ) بڕوای تەواوی بە گرنگی چیرۆك هەبووەو وتوویەتی " منداڵ ئاوات و حەزو ئارەزووەکانی لە ڕێگای گوێگرتن لە چیرۆکەوە دەهێنێتە دی " ( فرماوي محمد، الماجدي، ٢٠٠٤ : ٢٣٨ )، بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆك بریتییە لە ڕێگایەکی پەروەردەیی کاریگەر، بەتایبەت بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان، لەبەر ئەوەی چیرۆکە سەرنج ڕاکێش و ورووژێنەرەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتارو جیهانبینی منداڵەکان دەبێت، گێڕانەوەو خوێندنەوەی چیرۆك خۆی لە خۆیدا هونەرەو هەموو کەس ناتوانێت وەك پێویست بۆ منداڵانی باس بکات، ئینجا بۆ ئەوەی چیرۆك کاریگەری خۆی لەسەر دڵ و دەروونی منداڵان بە جێبهێڵێت، پێویستە بە جۆرێك بۆ منداڵان باس بکرێت کە تام و چێژو خۆشی لێوەربگرن، بە بۆچوونی دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانیش بۆ ئەم مەبەستەش دوو شێواز هەیە کە ئەمانیش بریتین لە :

١- **گێڕانەوەی چیرۆك ( روايه القصه ):** مەبەست لە گێڕانەوەی چیرۆك ئەوەیە کە گێڕەرەوەی چیرۆك ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەزانێت و منداڵەکان لە خۆی کۆدەکاتەوەو دەست دەکات بە گێڕانەوەو باسکردنی چیرۆکەکە، نەك خوێندنەوەی لەناو کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکان، کە ئەم شێوازە بواری گفتوگۆو کارلێککردنی زمانەوانی و کۆمەلایەتی لە نێوان گێڕەرەوەی چیرۆك و منداڵەکان زیاتر دەکات و وا لە منداڵەکان دەکات، کە زیاتر بۆ گێڕەرەوەی چیرۆك بە ئاگابن، هەروەها گێڕەرەوەی چیرۆکیش دەتوانێت بە ئاسانی ڕاڤەی وشە قورس و تەم و مژاویەکان بکات، زۆربەی پەروەردەیارەکان لایەنگری ئەم شێوازەن بۆ باسکردنی چیرۆك بۆ منداڵان، لەبەر ئەوەی لە کاتی گێرانەوەی چیرۆکدا کەسی گێڕەرەوە بەئاسانی دەتوانێت سەرەنجی گۆڕانکیایەکانی دەم و چاوی منداڵەکان بدات و بزانێت  تا چەند ناوەڕۆکی چیرۆکەکە کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونیان هەیەو فیدباك و پەرچەکرداریان بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکە چییە ( د. کەریم شە ریف قەرەچەتانی، ٢٠١٤ : ٩٣ ).

٢- **خوێندنەوەی چیرۆك ( قراوه القصه ) :** یەکێکە لە شێوازەکانی خوێندنەوەی چیرۆك، کە چیرۆکخوان کتێبێك یان گۆڤارو رۆژنامەیەکی بە دەستەوەیە کە چیرۆکەکەی تێدایەو لە ناوەڕۆکی تێکستەکە دەرناچێت و وەك خۆی بۆ منداڵانی دەخوێنێتەوە، هەرچەندە ئەم شێوازە وا لە منداڵ دەکات کە حەزی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە بێت، بەڵام ئەگەر چیرۆکخوان بەردەوام سەیری کتێب یان ئەو ئامرازەی کە چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە و بکات و بەرزو نزمی بە دەنگی نەکات ئەوا ئەگەری بێزاربوون  وەرسبوونی منداڵەکان زیاتر دەکات ( هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٩٤ ).

ئەگەر چیرۆك وەك ڕێگایەکی پەروەردەیی سەرنجڕاکێش و کاریگەر تەماشابکەین بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ورووژێنەرو ڕەفتارو جیهانبینی منداڵانەوە هەیە، ئەوا بۆ مامۆستایانی ئەو قۆناغەی منداڵان کاتێك چیرۆك وەك وانەیەکی سەرەکی پەیوەند بە دواڕۆژیان دەگوترێتەوە،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

بۆ جێبەجێکردنی هاوشێوەی وانەیەکی زانستی و سوود بەخش پێویستە چەند هەنگاوێك بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی چیرۆکی پێشنیارکراو یان بڕیار لێدراوی پێ شیبکەنەوە، کە پەروەردەیاران بە ڕێگای وتنەوەی چیرۆك ناوی دەبەن، کە لە کۆمەڵێك هەنگاوی لۆژیکی پێکهاتووە منداڵ لە بێ ئاگایی و وەرسبوون دوور دەخاتەوەو دەیخاتە ناو دۆخی چیرۆکەوە، هەنگاوەکانیش بریتین لە:

١- **ئامادەیی** : پێویستە لەسەر مامۆستا بەر لە هاتنی بۆ پۆل چیرۆکێکی ئامادەکردبێت و زانیاری هەبێت لەسەر هەموو لایەنەکانی چیرۆکەکە و بەتەواوی خۆی بۆ ئامادەکردبێت و بە باشی لە مەبەست و ئامانجەکانی چیرۆکەکە تێگەیشتبێت و گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغ و ئاستی تەمەنی منداڵانی باخچەی ساوایان.

٢- **خستنەڕوو** : بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە دەبێت چیرۆك بەشێوەیەکی ساناو گونجاو و سەرنجڕاکێش بخرێتە ڕوو، پێویستی بە زمانێکی سادەو شیرین و پەتیش هەیە، بۆ ئەوەی هەموو منداڵەکان لێی تێبگەن .

٣- **ڕوونکردنەوە** : پێویستە لە کاتی خستنەڕوودا بە ڕستەی کورت ڕووداوە ئاڵۆزەکان لە لایەن مامۆستایانەوە ڕوون بکرێتەوەو جەخت لەسەر یەك ڕەهەند نەکەنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر.

٤- **زمانی جەستە** : پێویستە لەکاتی گێڕانەوە و خستنەڕوودا جوڵەی پێویست بە ئەندامەکانی جەستە بەتایبەت دەست و سەردا بکرێت.

٥- **زمان** : لەبەر ئەوەی زمان گرنگترین ئامرازی ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕاو سەرنج و زانیاریی و داتاکانەو هۆیەکە بۆ پێکگەیشتن و دواتر بەرجەستەکردنی بازنەی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن. لەڕێی زمانەوە دەتوانین گوزارشت لە خۆمان وەك (زات)، لە دەورووبەرمان وەك (شوێن)، لە ساتەکانی ژیانمان وەك (کات) بکەین و ڕایەڵەیەکە کە من یان ئێمە بە تۆو ئەو، من یان ئێمە بە ئێوەو ئەوان دەبەستێتەوەو بناغەی پێکهاتنی کۆمەڵگاکانیش دادەمەزرێنێت ( هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠١٣ : ٥٩٩ ).

بۆیە پێویستە لە چیرۆکی منداڵاندا مامۆستایانی باخچەی ساوایان شیکردنەوەی چیرۆکەکان و خستنەروویان لە رووی زمانەوانیەوە بە زمانێکی پەتی و ڕەوان و لۆژیکی بێت.

٦- **وەستان** : پێویستە لەبەردەم لەبەردەم هەندێك هەڵوێست و ڕووداو بۆ ساتێك بووەستێت لە خستنەڕوودا، بۆ ئەوەی منداڵەکان بورووژێنێت.

٧- **پرسیارکردن** : پێویستە مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەکاتی خستنەرووی چیرۆکدا پرسیار سەبارەت بە ناوەڕۆك و ڕووداوەکان، پرسیار ئاڕاستەی منداڵەکان بکات، بەڵام نابێت لە کاتی خستنەڕوودا هیچ پرسیارێك بکات لەبەر ئەوەی منداڵان لە هزرین و سەرنجدان دەپچڕێنێت ( ڕەمەزان حەمەدەمین، ٢٠١٤ : ٢٩٧).

بەدەر لە گرنگی کارکردن لەسەر پەرەپیدان نو باشکردنی پاراوی زمانی لای منداڵانی باخچەی ساوایان، بەشیوەیەك توانایان هەبێت لەسەر دەربڕینی بیروباوەڕەکانیان وهەستەکانیان، مەشق پێکردنیان لەسەری بەشێوەیەکی مەبەستدار، بەڵام واقعی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەو قۆناغەدا ئەوە دەرناخات زۆر، چونکە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سستیەك بەخۆیەوە دەبینێت ئەمەش لەئەنجامی سەردانە مەیدانیکان دەرکەوتووە بۆ تۆیژەران، لەبەر ئەوەو بەپێی لێکولێنەوەوکان و تیۆرە تایبەتەکان کەباسی ئەم بابەتەیان کردووە وەك لە پێشدا هاتووە دەبێت کار لەسەر مەودای کارایی چالاکیەکان بکرێت کە لەسەر بنەمای پرۆسەی نووسینەوە دەکات بۆ گەشەپێکردنی کارامەیی چیرۆك وگەشەی زمانی دەربڕین ونووسین لای منداڵان بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها چالاکیە جۆراوجورەکان وا دەکات کە پروگرامەکانی خوێندن خوشەویست بێت لای منداڵ لە ڕێگەی بەستنەوەی چیرۆك وبینینی رۆڵ، زیاد لەوەش بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆ دیالۆگ لە سەر ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵان دەوترێتەوە. لەبەر ئەوەی چیرۆك رۆڵی گرنگی هەیە لەگەشەپێکردنی توانا جۆراوجۆرەکانی لای منداڵ وەکو توانا کۆمەڵایەتیەکان وهزری و جەستەیەکان لەڕێگەی ئەنجامدانی چیرۆکەکە لەڕێگەی ڕۆڵ بینین وەکو ئەوەی لە چیرۆکە بیستراوەکان بینیویانەو بیستویانە.

## بەشی سێیەم

## کرداریەکانی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکە

- **پێشەکی .**
- **یەکەم: میتۆدی لێکۆڵینەوەکە.**
- **دووەم: کۆمەڵگاو نمونەی لێکولێنەوەکە.**
- **سێیەم: گۆراوەکانی لێکۆڵینەوەکە.**
- **چوارەم: کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە.**
- **پێنجەم: ئامرازە ئاماریەکان.**

### پێشەکی:

ئەم بەشە باس لە دەرخستنی نەخشەی لێکۆڵینەوەکە دەکات ،کە تێیدا کردارو هەنگاوە میتۆدیەکان دەخاتە ڕوو کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکە ئەنجامدراوە، بەشێوەیەك کە باس لە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەو،کۆمەڵگاو نمونەی لیکۆڵینەوەکە کە راسپرسیکەیان لەسەر جیبەجیکراوە، هەروەها روونکردنەوەی گۆراوەکان و کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکەو چۆنیەتی دروستکردنی، هەروەها ئامرازە ئاماریەکان کە بەکارهاتووە لە شیکردنەوەو راڤەکردنی داتاکان بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکان پاشان جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لیکۆڵینەوەکەی ئیستا.بەم شێوەیەی کە لەخوارەوە هاتووە:

### یەکەم: میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لیکۆڵینەوەکە ئیستا ئامانجی گەرانە بە دوای کاریگەری چیرۆك لەسەر پاراوی زمانی لای منداڵی پێش قۆناغی بنەڕەتی، ئەوەی گرنگە لەبواری لێکۆڵینەوەکە لە ئیستادا شێوازو ئامرازە، کە دەمانگەیێنێ بە کۆمەڵێك



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زانیارو داتا لەسەر گۆراوەکان.میتۆدی بەکارهاتووش لەم لێکۆڵینەوەیە میتۆدی(وەسفی – شیکاریە)کە دەگونجێت لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی ئیستادا.

**دووەم: کۆمەڵگاو نمونەی لێکۆڵینەوەکە:**

توێژەران باخچەکانیان بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژارد، پاشان نمونەی لە مامۆستایان بۆ لێکۆڵینەوەکە لەناو باخچەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردران کە هەموویان لە ڕەگەزی (مێ) بوون لە نێو کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە، کە زۆربەی مامۆستایانی لە زۆربەی باخچەکانی ئیدارەی راپەرینی لە خۆ کرت بەهەردوو قەزای پشدەرو قەزای رانیە لەنێوەندی شار.

وەسفکردنی نمونەی بەشداربوو لە لێکۆڵینەوەکە لە لایەن ژمارەی باخچەکان ومامۆستایانی بەشداربوو

| پۆلێنکردن | کۆی گشتی |
|---|---|
| باخچەی ساوایان | قەلآدزێ ( ٥ ) باخچە |
| | رانیە ( ٥ ) باخچە |
| کۆی گشتی | ( ١٠ ) باخچەی ساوایان |
| نمونەی مامۆستایان | ( ٣٠ ) مامۆستا لەڕەگەزی مێ |
| رانیە | ( ١٥ ) مامۆستا |
| قەلآدزێ | ( ١٥ ) مامۆستا |

**سێیەم: گۆراوەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

**١- گۆراوی سەربەخۆ:**

ئەو گۆراوەیە کە دەمانەوێت کاریگەریەکەی لەسەر گۆراوێکی دیکەدا بدۆزینەوە،کە توێژەران توانای زاڵبونیان هەبێ بەسەریدا، هەروەها دۆزینەوەی جیاوازی ئەم کاریگەریە بەجیاوازی بەهاو جۆرەکان، یاخود ئاستەکان ( أحمدعودة،و فتحي مكاوي،١٩٩٧، ١١٥ ).

گۆراوی سەربەخۆش لە لێکۆڵینەوەکەی ئیستادا (چیرۆك) کەتویژەران دەیانەوێ کاریگەریەکەی بزانن لەسەر گۆراوی بەستراو.

**٢- گۆڕاوی بەستراو:**

ئەو گۆڕاوەیە کە تویژەران دەیانەوێت کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆی لەسەر بدۆزنەوە، کە تێبینی یان پێوانەکردنی ئەوە دەکات کە لەئەنجامی گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەری دا دێنێت (أحمد مكاوي،وفتحی مكاوی،١٩٩٧، ١١٦) گۆڕاوی بەستراویش لەم لێکۆڵینەوەیەی کە دەستنیشان کراوە ( پاراوی زمانییە).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**چوارەم: کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکەوئامرازە ئاماریەکان :**

**لێرەدا کەرەستەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی دەخەینە ڕوو:**

أ- بەکارهێنانی ڕاپرسیەکی تایبەت بە ڕۆڵی چیرۆك لەسەر پاراوی زمانی لای منداڵانی پێش قۆناغی بنەڕەتی بە دەستکاریکردن بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگاو نمونەی لێکۆڵینەوەکەی ئیستادا، ئەم ڕاپرسیەش بەسود وەرگرتن وەرگیراوە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو وەك لێکۆڵنەوەکانی (جمال محمد مصطفى،٢٠٠٥)و لێکۆڵینەوەی (دعاءبنت نافذ البشتي،٢٠١١) بە دەسکاریکردنەوە.

ب- ئامانجی ئەم ڕاپرسیە پێوانەکردنی کاریگەری ڕۆڵی چیرۆك لەسەر پاراوی زمانی لە روانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایانی باخچەکانی ئیدارەی ڕاپەڕینە، کە خۆی لە (٢٨) برگە دەگرێتەوە دابەش کراوە بەسر چوار ڕەهەندا ئەوانیش ئەم ڕەهەندانەن:

١- گرنگی چیرۆك.

٢- ڕێگاو شێوازی گێڕانەوەی چیرۆك.

٣- کاریگەری چیرۆك لەسەر لایەنە جیاجیاکاندا لە لای منداڵ.

٤- کاریگەری چیرۆك لەسەر زیادبوونی پاراوی زمانی لای منداڵ.

ج- **ڕاستگۆیی دەرەکی بۆ ڕاپرسیەکە:**

تۆیژەران هەڵسان بە پێدانی ڕاپرسیەکە بە (٥) هەڵسەنگێنەر لەبواری دەروونزانی وزمانەوانیەوە داوایان لێکرا کە ڕاو بۆچوونیان بدەن لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپرسیەکە لە ڕوانگەی:

١- مەودای گونجانی بڕگەکان بۆ نمونەی لیکۆڵینەوەکە.

٢- گونجاندنی برگەکان لەگەڵ ڕەهەندەکان.

٣- دەربڕینی هەر تێبینی و سەرنجێکی تر لەسەر ڕاپرسیەکە.

پاشان توێژەران هەستان بە کارکردن بە تێبینیەکانی پسپۆران لەسەر ڕاپرسیەکە لەگەڵ پابەندبوون بە بڕگەو ڕەهەندەکان کە زۆرینەی پسپۆرەکان کۆك بوون لەسەری و ڕێکەتنیان هەبوو لەسەر برگەو ڕەهەندەکان بەڕێژەی(٨٠٪).

**د- جێگیری ڕاپرسی تایبەت بە ڕۆڵی چیرۆك لە پاراوی زمانی لای مامۆستایانی باخچەی ساوایان:**

بۆ دەرهێنانی جێگیری، توێژەران دووجار فۆرمی لیکۆڵینەوەکەیان دابەشکرد بەسەر (١٠) بەشداربوو لە دوو ڕێکەوتی جیاواز کە ماوەی(١٠) ڕۆژی نێوانیان بوو، لە ڕێکەوتی (١-٣-٢٠١٧) تاوەکو( ١١-٣-٢٠١٧). بە ڕێگای (تێست – ری تێست)ەوە، هەروەها توێژەران یاسای پەیوەستی پیرسۆنیان بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ئەنجامی جێگیری لێکۆڵینەوەکە لە ئەنجامدا جێگیری یەکسان بوو بە (٩٤، ٠ )کە دەکاتە ( ٩٤٪ )، بۆیە دەرکەوت ئەم فۆرمە ئاستی جێگیریەکی زۆر بەرزی بەدەست هێناوە.

**هـ -ئامرازە ئاماریەکان:**

توێژەران هەستان بە ڕێکخستنی کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەری ئاماری، بەبەکارهێنانی پرۆگرامی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان، ڤێرژنی شانزە(V16-SPSS ).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

## بەشی چوارەم :

### ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە وڕاڤەکردن وگفتوگۆکردنی و وپێشنیارو ڕاسپاردەکان

- **پێشەکی:**
- **ئەنجامی یەکەم:**
- **ئەنجامی دووەم:**
- **ئەنجامی سێیەم:**
- **ئەنجامی چوارەم:**
- **ئەنجامی پێنجەم:**
- **پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی کوردی:**
- **ڕاسپاردەکان:**
- **پێشنیارەکان:**

**پێشەکی :**

ئەم بەشە ئەنجامەکان وڕاڤەکردن وگفتۆگۆکردنی ئەنجامەکان لەخۆ دەگرێت لە ژێر تیشکی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بەم شێوەی خوارەوە:

١- زانینی کاریگەری چیرۆك بەگشتی لەسەر پاراوی زمانی لای منداڵ.
٢- زانینی گرنگی چیرۆك وجۆرەکانی لەسەر گەشەی منداڵ.
٣- زانینی گرنگی خوێندنەوەی چیرۆك وڕێگاکانی گێرانەوەی بۆ منداڵ.
٤- زانینی ڕۆڵی چیرۆك لەسەر گەشە پێدانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی منداڵ.
٥- ناسینەوەی کاریگەری چیرۆك و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی زمان لای منداڵانی باخچەی ساوایان.

**ئەنجامی یەکەم:**

**زانینی کاریگەری چیرۆك بەگشتی لەسەر پاراوی زمانی لای منداڵ.**

**خشتەی ( ٢ )**

**خشتەی تایبەت بە زانینی کاریگەری چیرۆك بەگشتی لەسەر پاراوی زمانی.**

| قەبارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | ژمارەی ئازاد | بەهای خشتەیی | ت | بریار ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 9،70 | 56 | 13،5 | 29 | 96،1 | 89،15 | [داله |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێ بەشداربووان ٣٠بەشداربوون بە ناوەندی ژمێری(٩،٧٠)وناوەندی گریمانەیی(٥٦)بە لادانی پێوەری(١٣،٥).ژمارەی ئازاد دەکاتە(٢٩)و بەهای خشتەیی بە ئاستی گوزارشتی(٠،٠٥)دەکاتە(٢،٠٤٥).بەهای دەرهینراو دەکاتە(٨٩،١٥).لەبەری ئەوەی ناوەندی ژمێری کەدەکاتە(٩،٧٠)لەناوەندی گریمانی(٥٦)گەورەترە، هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو(٨٩،١٥)گەورەترە لەبەهای خشتەی (٢،٠٤٥) بۆیە دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری بەلگەدارەو چیرۆک ڕۆڵی زۆری هەیە بەپێی وەڵامی بەشداربووان لەسەر پاراوی زمانی بەگشتی لای منداڵ بەپێی ئەنجامەکانی تایبەت بەم ئامانجە دەریدەخات کە چیرۆک ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەو پەرەپێدانی پاراوی زمانی لای منداڵ.

**ئەنجامی دووەم: زانینی گرنگی چیرۆك وجۆرەکانی لەسەر گەشەی منداڵ.**

خشتەی ( ٣ )

خشتەی تایبەت بە گرنگی چیرۆك وجۆرەکانی لەسەر گەشەی منداڵ.

| قەبارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | ژمارەی ئازاد | بەهای خشتەیی | ت | بریار ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 26،15 | 12 | 31،1 | 29 | 96،1 | 64،13 | ]داله |

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێ بەشداربووان ٣٠ بەشداربوون بە ناوەندی ژمێری (٢٦،١٥) وناوەندی گریمانەیی (١٢) بە لادانی پێوەری (٣١،١) .ژمارەی ئازاد دەکاتە (٢٩) و بەهای خشتەیی بە ئاستی گوزارشتی (٠،٠٥) دەکاتە(٢،٠٤٥). بەهای دەرهینراودەکاتە (٦٤،١٣). لەبەری ئەوەی ناوەندی ژمێری کەدەکاتە (٢٦،١٥) لەناوەندی گریمانی (١٢) گەورەترە، هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو ( ٦٤،١٣) گەورەترە لەبەهای خشتەی (٢،٠٤٥). بۆیە دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری بەلگەدارەو بەپێی ئەم ئەنجامەش دەتوانین بڵێین کە چیرۆك لەسەر منداڵ وبەپێی ئەم ئەنجامە گرنگەو کاریگەرە، زۆرینەی بەشداربووان وایدەبینن کە چیرۆك یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی ژیانی منداڵ ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکی چیرۆك و ئەو زمانەی کە پێی نوسراوە بەشێوەیەك وا لەمنداڵاکان دەکات حەزیان لێبێت، هەروەها جێگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە چەمکەکان(ئاینی، زانستی وەرزشی ، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی)لەلای منداڵ.

بەپێی ئەم ئەنجامەو ڕای هەندێك لە تیۆرە پەیوەندیدارەکان بە منداڵ چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەی توانای منداڵ لەسەر دەربرین و زیادکردنی ئەزموونی منداڵ لەسەر جیهانی دەرەوە هاوکاریکردنی لەسەر تێگەیشتنی ڕەفتاری مروڤ وئارەزو بۆ خوێندنەوەی کتێب و پەرتوکەکان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجامی سێیەم: زانینی گرنگی خوێندنەوەی چیرۆك وڕێگاكانی گێڕانەوەی بۆ منداڵ.**

**خشتەی ( ٤ )**

**خشتەی تایبەت بە گرنگی خوێندنەوەی چیرۆك وڕێگاكانی گێرانەوەی بۆ منداڵ.**

| بریار ٠٥،٠ | ت | بەهای خشتەیی | ژمارەی ئازاد | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | ناوەندی ژمێری | قەبارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| داله] | 61،14 | 96،1 | 29 | 07،1 | 14 | 86،16 | 30 |

لەم خشتەی سەرەوە دەردەكەوێ بەشداربووان ٣٠ بەشداربوون بە ناوەندی ژمێری(٨٦،١٦) وناوەندی گریمانەیی(١٤) بە لادانی پێوەری (٠٧،١)، ژمارەی ئازاد دەكاتە (٢٩) و بەهای خشتەیی بە ئاستی گوزارشتی (٠،٠٥) دەكاتە (٠٤٥،٢). بەهای دەرهێنراو دەكاتە(٦١،١٤) و لەبەری ئەوەی ناوەندی ژمێری كەدەكاتە (٨٦،١٦) لەناوەندی گریمانی (١٤) گەورەترە. هەروەها بەهای ( ت ) دەرهێنراو(٦١،١٤) گەورەترە لەبەهای خشتەی (٠٤٥,٢). بۆیە دەردەكەوێت جیاوازی ئاماری بەلگەدارە. كە چیرۆك وڕێگاكانی خوێندنەوەی ڕۆڵی هەیە لەسەر هاوكاریكردنی منداڵ لەسەر وەرگرتن وفێربوونی كارامایەكانی زمانی بەشێوەیەكی خێراتر، بە پێی هەندێك لەتیۆرەكان دەیسەلمێنن كە ئەو منداڵانەی ڕاهێنراون لەسەر خوێندنەوەی چیرۆك بۆیان لەلایەن باوانیان هەموو شەویك، بەتوانا ترن لە فێربوونی زمان بە شێوەیەكی خێراتر لە منداڵانی هاوشێوەیان كە گوێبیستی چیرۆك نابن وەك ئەوان.

هەروەها ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەسەر تێكەلكردنی دەروون بە لایەنی هزری كەسایەتیەكان وهەستەكانیان وهەروەها دەربڕین لەسەری، كە توانای دەنگێكی باش وكۆنترۆلكردنی لە پۆلێنكردنی ناوەڕۆكی چیرۆكەكە بەشێوەیەكی باش، زمانی ئەوكەسەی چیرۆكەكە دەگریتەوە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەسەر توانای كۆنتڕۆلكردنی چیرۆكەكەو زمانی چیرۆكەكە بەشێوەیەك گونجاو بیت لەگەڵ ئاستی منداڵەكە.

**ئەنجامی چوارەم: زانینی ڕۆڵی چیرۆك لەسەر گەشە پێدانی لایەنە جۆراوجۆرەكانی منداڵ.**

**خشتەی ( ٥ )**

**خشتەی تایبەت بە ڕۆڵی چیرۆك لەسەر گەشە پیدانی لایەنە جۆراوجۆرەكانی منداڵ.**

| بریار ٠٥،٠ | ت | بەهای خشتەیی | ژمارەی ئازاد | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | ناوەندی ژمێری | قەبارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| داله] | 72،8 | 96،1 | 29 | 02،2 | 10 | 23،13 | 30 |

لەم خشتەی سەرەوە دەردەكەوێ بەشداربووان ٣٠ بەشداربوون بە ناوەندی ژمێری(٢٣,١٣) وناوەندی گریمانەیی (١٠) بە لادانی پێوەری (٠٢,٢)، ژمارەی ئازاد دەكاتە (٢٩) و بەهای خشتەیی بە ئاستی گوزارشتی



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٠،٠٥) دەکاتە (٢،٤٥٠)، بەهای دەرهێنراو دەکاتە (٧٢،٨). لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێری کەدەکاتە (٢٣،١٣) لەناوەندی گریمانی (١٠) گەورەترە، هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو (٧٢،٨) گەورەترە لەبەهای خشتەی (٠٤٥،٢)، بۆیە دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری بەلگەدار هەیەو بەپێی زۆرینەی بەشداربووان لە لێکۆڵینەوەکە باوەڕیان بەوەیە کە چیرۆك ڕۆڵی هەیە لە گەشەی هزری وعەقلی کۆمەلأیەتی لای مندالّ، لە لایەنی گەشەو پێشکەوتنی خەیالّ بەستنەوەی چەمکەکان هەروەها ئاستی بیرهێنانەوە ئەمانەش چالاکی وکارایی عەقلین کە چیرۆك کار لەسەر پەرەپێدان وگەشەکردنی دەکات، لەهەمان کات ڕۆڵی لەسەر لایەنی گەشەی کۆمەلأیەتیش دەکات، هاکاری مندالّ دەبێت بۆ ناسینەوەی شێوەکانی، هەروەها جۆری پیشەو بیروباوەڕو داب ونەریتەکان فێرببن و بیناسنەوە.

**ئەنجامی پێنجەم: ناسینەوەی کاریگەری چیرۆك و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی زمان لای مندالأنی باخچەی ساوایان.**

**خشتەی ( ٦ )**

**خشتەی تایبەت بە کاریگەری چیرۆك و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی زمان لای مندالأنی باخچەی ساوایان.**

| قەبارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | ژمارەی ئازاد | بەهای خشتەیی | ت | بریار ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 46،25 | 20 | 59،3 | 29 | 96،1 | 32،8 | [دالە |

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێ ٣٠ بەشداربووون بە ناوەندی ژمێیری (٤٦،٢٥) وناوەندی گریمانەیی (٢٠) بە لادانی پێوەری (٥٩،٣). ژمارەی ئازاد دەکاتە (٢٩) و بەهای خشتەیی بە ئاستی گوزارشتی (٠،٠٥) دەکاتە (٢،٤٥٠).بەهای دەرهێنراو دەکاتە (٣٢،٨)، لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێری کەدەکاتە (٤٦،٢٥) لەناوەندی گریمانی (٢٠) گەورەترە، هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو ( ٣٢،٨) گەورەترە لەبەهای خشتەی (٠٤٥،٢)، بۆیە دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری بەلگەدارەو چیرۆك کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی زمان بەگشتی لای منداڵان ئەنجامی ئەم ئامانجەش دەردەخات کە چیرۆك کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر گەشەکردنی زمانی مندالّی پێش قۆناغی سەرەتایی وەکار لەسەر زیادبوونی دەکات بەشێوەیەکی بەرچاو.

بەگشتی ئەنجامەکان دەری دەخەن کە چیرۆك ڕۆڵی لەسەر زۆرێك لە ڕەهەندەکان ولایەنەکانی پەیوەندی دار بە پاراوی زمانی هەیە، وەك دەریدەخات جۆرەکانی چیرۆك کە پێشکەش دەکرێت بۆمندالّ ڕۆڵی هەیە لە سەر زمانی مندالّ وفێربوونی یەکەکانی زمان تایبەت بەهەر جۆریك لە جۆرەکانی چیرۆك، لەهەمان کات گێرانەوەی چیرۆك و شێوازی مامۆستاکە کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کاریگەری هەیە لەسەر گرتینی منداڵان بو گوێگرتن  وایان لێبکات زیاتر سەرنجیان لەلای مامۆستاکەبێت بۆ گوێگرتنی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و کالێکتەکردن لەگەلّ  چیرۆکەکە، هەروەها زمانی چیرۆکەکە  کار لەسەر گەشەی کۆمەلأیەتی و زمانی مندالّ دەکات، بەگشتی دەتوانین بلّێین کە ئەنجامی لێگۆلّینەوەکە دەریخست کە چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەسەر پاراوی زمان لای مندالّ.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

**ڕاسپاردەو پێشنیارەکان:**

**لەژێر تیشکی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە توێژەران کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاریان خستە ڕوو:**

**ڕاسپاردەکان:**

١- کردنەوەی خول بۆ ماموستایانی باخچەی ساوایان لەسەر هونەری خوێندنەوەو باسکردنی چیرۆك.

٢- بایەخدان بە زمانی کوردی ڕوون و ئاسان کە منداڵ لێیتێبگات لە چیرۆکی منداڵ لەم قوناغەدا.

٣- بایەخدانی زیاتر بە چیرۆك لە پەرتوکەکانی ئەو قۆناغە.

٤- پێشکەشکردنی وانەکان بە شێوەی چیرۆك بۆ منداڵان و کاریگەری لەسەر کارایی فێربوون.

٥- سوود وەرگرتن لە ڕاپرسی تایبەت بەم لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی قوناغی خوێندنی سەرەتایی.

**پیشنیارەکان:**

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە لەسەر کاریگەری چیرۆك لەسەر گەشەی هزری منداڵانی پێش قۆناغی سەرەتایی.

٢- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە لەسەر ئاستی منداڵانی قوناغی یەکی سەرەتایی.

٣- دوبارەکردنەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بەشێوەیەك، کە نمونەی توێژینەوەکە هەردوو ڕەگەز لە خۆ بگرێت.

٤- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە لەسەر مامۆستایانی باخچە لەهەردو ڕەگەز.

**لیستی سەرچاوەکان.**

- **زمانی کوردی:**

١- خالیدە قادر فەرەج( ٢٠١٣)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٠ – ١٩٩٠، چ ١، چا: شەهاب / هەولێر.

٢- ڕازاو ڕەشید صبری( ٢٠١٠)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١- ٢٠٠٥ )، چ ١، چا: حاجی هاشم / هەولێر.

٣- ڕەمەزان حمەدەمین قادر(٢٠١٤)، ڕێگاو شێوازە تیۆری و پڕاکتیکیەکانی وانەوتنەوە، چ ١، چا: ڕۆژهەڵات / هەولێر.

٤- د. کەریم شەریف قەرەچەتانی( ٢٠١٤،) سایکۆلۆژیاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چ ١، چا: پیرەمێرد/ سلێمانی.

٥- محەمەد ڕەشید فەتاح( ٢٠٠٩)، نمونەو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵانی کورد، چ ٢، چا: ڕۆشنبیری / هەولێر.

٦- محمد فەریق حەسەن( ٢٠١٠)، منداڵ و چیرۆك، گۆڤار: ڕامان، ژ: ١٦١.

٧- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر( ٢٠١٣)، زمان و بەکارهێنانی لە میدیاکاندا، گۆڤار: کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی ( پەروەردە – میدیا )، چا: رۆشنبیری / هەولێر.

٨- هیمداد حوسێن( ٢٠١٠،) دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردی، چ ٢، چا: باز / هەولێر.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٩- هیمداد حوسێن( ٢٠٠٧)، دەروازەیەك بۆ ڕخنەی ئەدەبی كوردی، چ ١، چا: خانی / دهۆك..

- **زمانی عەرەبی :**

١٠- أحمدعودة، وفتحي مكاوي (١٩٩٧).أساسياتالبحث العلمي وعناصره ومناهجه والتحليل الاحصائي لبياناته،عمان:دار المنارة.

١١- دعاء بنت نافذ البشيتى(٢٠١١).القصة واثرها على الطلاقة اللغوية،بحث منشورفي مسابقة الالوكة الثانية،الدراسات الاجتماعية-الدراسات والابحاث.

١٢- سميرأحمد(١٤٢٩)، أدب الأطفال قراءات نظرية ونماذج تطبيقية، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة/ عمان.

١٣- شيلا ايغوف(١٩٨٥)، المتغيرات في أدب الاطفال، مجلة: الثقافة الاجنبيية، العدد: ٣.

١٤- عبدالستار طاهر شريف( ١٩٨٨)، الذخيرة اللغوية للطفل الكردي، منشورات: دار الحرية / بغداد.

١٥- فرماوي محمد، الماجدي( ٢٠٠٤)، مناهج وبرامج وطرق تدريس رياض الأطفال و تطبيقاتها العملية، ط٢، المنشورات: مكتبة الفلاح / الكويت.

١٦- محمود إسماعيل،(١٤٢٩)، المرجع في أدب الأطفال، دار الفكر العربي/ القاهرة.

١٧- هادي نعمان الهيتي( ١٩٧٨ )، أدب الاطفال فلسفته وفنونه وسائطه، منشورات: وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية/ بغداد.

١٨- هبةالحميد(١٤٢ )، أدب الطفل في المرحلة الابتدائية، دار الصفاء للنشر والتوزيع/ عمان.

١٩- جمال محمد مصطفى(٢٠٠٥)،فاعلية استخدام اسلوب القدح الذهني في تنمية بعض مهارات الطلاقة اللغوية وعلاج الاخطاء الاملائية لدى تلاميذ الحلقة الثانية بدولة الامارات،مجلة كلية التربية-جامعة الامارات العربية المتحدة.العدد٢٢.

- **ئینتەرنێت :**

٢٠- http://pu.edu.pk/images/journal/arabic/PDF/

٢١- file:///C:/Users/raz/Downloads


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پوخته‌ی لێكۆڵینه‌وه‌

### پێشه‌كی

چیرۆكی منداڵان به‌ یه‌كێك له‌ هونه‌ره‌ گرنگه‌كانی ئه‌ده‌بی منداڵان داده‌نرێت و یه‌كێكه‌ له‌ هۆیه‌كانی په‌روه‌رده‌كرن و گه‌شه‌پێدانی توانا هزری و مه‌عریفی و زمانیه‌كانه‌، هه‌روه‌ها شادی و خۆشیان پێده‌به‌خشێت به‌ تایبه‌تی كاتێك به‌دواداچوون بۆ په‌یوه‌ندی نێوان كه‌سایه‌تیه‌كان ده‌كات، خودی خۆی له‌ كه‌سایه‌تیه‌كی ناو چیرۆكه‌كه‌ ده‌بینێته‌وه‌. ئاشناكردنی منداڵ له‌ سه‌رده‌می منداڵی به‌ چیرۆك ده‌بێت به‌ سه‌رچاوه‌و پاڵنه‌ری سه‌ره‌كی بۆ ئه‌وه‌ی دوای گه‌وره‌بوونیان گرنگی زۆر به‌ خوێندنه‌وه‌و سه‌رچاوه‌ زانستیه‌كانی تر بده‌ن، له‌ ئه‌نجامی گردبوونه‌وه‌یان له‌ چوارده‌وری مامۆستاو گوێگرتن له‌ چیرۆكه‌كان، منداڵ له‌ گۆشه‌گیری و دڵه‌ڕاوكێ و فۆبیای كۆمه‌لایه‌تی ڕزگاری ده‌بێت و زمانی زیاتر پاراو ده‌بێت.

هه‌روها چیرۆك له‌و شێوازه‌ ئه‌ده‌بیانه‌یه‌ كه‌ به‌تواناترین شێواز ئه‌ژمارده‌كرێت كه‌ ده‌توانێ كار له‌سه‌ر گه‌شه‌ی هێزو دامه‌رزاوه‌و به‌رده‌وامی كاریگه‌ریاكان بكات له‌ ده‌رووندا، كه‌ره‌سته‌یه‌كیشه‌ بۆ چوونه‌ ژووره‌وه‌ی جیهانی منداڵ وكاریگه‌ری له‌ ده‌رووندا ده‌مێنێته‌وه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی منداڵ گوێبیستی چیرۆك ده‌بێت به‌ گرو تینێكی زۆره‌وه‌ و كاتێكی زۆر له‌ له‌گوێگرتنی ده‌باته‌ سه‌ر، له‌به‌ر ئه‌وه‌ چیرۆك كاریگه‌ریه‌كی زۆری ده‌بێت له‌ژیانی منداڵاندا ڕۆڵی به‌رچاو ده‌بینێت له‌ په‌روه‌رده‌كردنی و چه‌سپاندنی به‌ها ڕه‌وشتیه‌كان له‌ ناخیدا هه‌موو ئه‌مانه‌ش كاریگه‌ری خۆیان هه‌یه‌ له‌ ده‌وڵه‌مه‌ندكردنی هزری منداڵ و پاشان ئه‌و كاریگه‌ری ڕۆڵی خۆی ده‌بینێ له‌سه‌ر زمانی منداڵ.

### كێشه‌ی توێژینه‌وه‌كه‌:

كێشه‌ی توێژینه‌وه‌كه‌ خۆی كورت ده‌كاته‌وه‌ له‌ كاریگه‌ری چیرۆك و ڕۆڵی له‌ گه‌شه‌پێدانی پاراوی زمان لای منداڵانی باخچه‌ی ساوایان، له‌ ڕێگه‌ی وه‌لامدانه‌وه‌ی ئه‌و پرسیارانه‌ :

١- ڕۆڵ و شێوازی چیرۆك خوانه‌كان چییه‌ له‌سه‌رنج ڕاكێشانی منداڵ و گووڕو تینی بۆ گوێ بیستنی چیرۆكه‌كه‌ ؟

٢- ڕۆڵی چیرۆك له‌ گه‌شه‌كردنی پاراوی زمان لای منداڵانی باخچه‌ی ساوایان ؟

ئه‌مه‌ش له‌ ڕێگای هه‌ستكردنی توێژه‌ران له‌ڕێگه‌ی كاركردنیان له‌ شوێنی كاریان و وتنه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌و بابه‌تانه‌ی كه‌ په‌یوه‌سته‌ به‌م بواره‌ و خوێندنه‌وه‌یان بۆ لێكوڵینه‌وه‌ هاوشێوه‌كان دركیان به‌ گرنگی ئه‌م بابه‌ته‌ و ڕۆڵ وكاریگه‌ری كردوه‌و به‌ پێویستیان زانی كه‌ لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ك له‌م چه‌شنه‌ بنووسرێت له‌كۆمه‌ڵگای توێژینه‌وه‌كه‌ی ئێستادا.

### گرنگی لێكۆڵینه‌وه‌ :

بایخدان به‌ هونه‌ری منداڵان و چیرۆكه‌كانیان و ڕۆشنبیریان ئاماژه‌یه‌كه‌ بۆ پێشكه‌وتنی ولاتان وفاكته‌رێكی گرنگه‌ له‌ بونیادنانی ئاینده‌یه‌كی گه‌ش بۆیان، چیرۆكیش له‌پێشه‌وه‌ی بابه‌ته‌كانی تری ئه‌ده‌بدا دێت بۆیه‌ گرنگی ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ خۆی له‌ گرنگی چیرۆك ده‌بینێته‌وه‌و ڕۆڵی چیرۆك له‌سه‌ر هه‌موو بواره‌كانی گه‌شه‌ی منداڵ،


كۆنفرانسی ( كاریگه‌ری زمان و ئه‌ده‌ب له‌سه‌ر بنیادی هزری و درێژه‌پێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبنە مایەی سەرچاوەیەکی زانیاری لە کتێبخانەکانی تایبەت بە پەروەردەکردنی منداڵ.

**ئامانجی تویژینەوە :**

١- زانینی کاریگەری چیرۆك بەگشتی لەسەر پاراوی زمانی لای منداڵ.

٢- میتۆدی لێکۆڵینەوەکە.

٣- میتۆدی بەکارهاتوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی وەسفیە کە توێژەران بەگونجاویان زانی بۆ ئەم بابەتە.

٤- **میتۆدی لێکۆڵینەوە :**

میتۆدی بەکارهاتوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی وەسفیە کە تویژەران بەگونجاویان زانی بۆ ئەم بابەتە.

بەگشتی ئەنجامەکان دەری دەخەن کە چیرۆك ڕۆڵی لەسەر زۆرێك لە ڕەهەندەکان ولایەنەکانی پەیوەندی دار بە پاراوی زمانی هەیە، وەك دەریدەخات جۆرەکانی چیرۆك کە پێشکەش دەکرێت بۆمنداڵ ڕۆڵی هەیە لە سەر زمانی منداڵ وفێربوونی یەکەکانی زمان تایبەت بەهەرجۆرێك لە جۆرەکانی چیرۆك، لەهەمان کات گێرانەوەی چیرۆك و شێوازی مامۆستاکە کە چیرۆکەکە دەگێرێتەوە کاریگەری هەیە لەسەر گرڕوتینی منداڵان بۆ گوێگرتن و وایان لێبکات زیاتر سەرنجیان لەلای مامۆستاکەبێت بۆ گوێگرتنی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و کالێکتەکردن لەگەڵ چیرۆکەکە، هەروەها زمانی چیرۆکەکە کار لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و زمانی منداڵ دەکات، بەگشتی دەتوانین بڵێین کە ئەنجامی لێگۆڵینەوەکە دەریخست کە چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەسەر پاراوی زمان لای منداڵ.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

## لیستی هاوپێچەکان:

## هاوپێچی ژمارە(١)

## ڕاپرسی تایبەت بە شارەزایان

( ڕاپرسی تایبەت بە ڕۆڵی چیرۆك لە گەشە پێدانی پاراوی زمانەوانی لای منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان) توێژەران دەیانەوێت لێکۆڵینەوەیەك بکەن بەناونیشانی( ڕۆڵی چیرۆك لە گەشە پێدانی پاراوی زمانەوانی لای منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان لە دیدی مامۆستایان ) بۆ پێویستی تۆێژینەوەکە پێویستە ڕاپرسیەك بکرێت لای مامۆستایانی قۆناغی باخچەی ساوایان، ڕاپرسیەکە وەرگیراوە لە( دعاء بنت نافذ البشبيشي،٢٠١٢)و(جمال محمد،٢٠٠٥) بە دەسکاریەوە، بە شێوەیەك بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگاو نمونەی لێکۆڵینەوەی ئیستادا، بۆیە داوا لەبرێزتان دەکەین بە پێی شارەزایی وپسپۆری تێبینیەکانتان لەسەر بڕگەو ڕەهەندەکانی ڕاسپاردەکە بخەنەڕوو. لەگەل ڕێزدا...



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**أ- گرنگی چیرۆك:**

| ژ | برگەكان | ڕازیم | هەندێكجار | ڕازی‌نیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چیرۆك بەیەكێك  لەبنەما سەرەكیەكان دادەنرێت لە ژیانی منداڵ. | | | |
| ٢ | چیرۆك سەرچاوەی چێژو خۆشیە بۆ منداڵ. | | | |
| ٣ | چیرۆك ویستی منداڵ زیادەكات بۆ خوێندنەوە. | | | |
| ٤ | چیرۆك كار لەسەر پێشكەشكردنی چارەسەر دەكات بۆ كێشەكانی منداڵ. | | | |
| ٥ | ناوەڕۆكی چیرۆك و زمانی بەكارهاتوو كار لەسەر زیادبوونی ویستی منداڵ دەكات بۆ گوێگرتن. | | | |
| ٦ | منداڵ دەتوانێ لەرێگەی چیرۆكەوە هەستەكانی دەربېرێت. | | | |


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

**ب- ڕێگاكانی گێڕانەوەی چیرۆك بۆ منداڵ:**

| ژ | بڕگەکان | ڕازیم | هەندێکجار | ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستا منداڵ ناچار دەکات بۆ گوێگرتنی چیرۆك. | | | |
| ٢ | مامۆستا شوێن وکاتی ویستراو هەڵبژێرێت بۆ خوێندنەوەی چیرۆك. | | | |
| ٣ | مامۆستا بوار دەدات بەمنداڵان، تاکو ئەو چیرۆکە هەڵبژێرن کە حەزیان لێیەتی. | | | |
| ٤ | لەسەر مامۆستایە کە توانای هەبێت دەنگی بگۆڕێت لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا. | | | |
| ٥ | مامۆستا لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆك وێنەی ناو چیرۆکەکە پیشانی منداڵان دەدات | | | |
| ٦ | مامۆستا سەیری منداڵەکان دەکات لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆك | | | |
| ٧ | مامۆستا کار لەسەر گەشە پێدانی کارایی چارەسەری کیشەکانی منداڵ دەکات لەریگەی چیرۆکەوە. | | | |

**ج-كاریگەری چیرۆك لەسەر گەشەپێدانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی منداڵ:**

| ژ | بڕگەکان | ڕازیم | هەنێکجار | ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەی هزری منداڵ. | | | |
| ٢ | چیرۆك ئەزمونێکی ڕاستەوخۆیە بۆ منداڵ لەرێگەیەوە فێردەبیت. | | | |
| ٣ | چیرۆك توانای کۆمەڵایەتی منداڵ گەشە پێدەدات. | | | |
| ٤ | چیرۆك کار لەسەر چاندنی بەها ئەرێنیەکان دەکات لای منداڵ. | | | |
| ٥ | چیرۆك ئامرازێکی پەروەردەییە، کە منداڵ لە زۆربەی ئامرازەکانی دیکە باشتر دەری دەبڕێت. | | | |

**د- كاریگەری چیرۆك لەسەر گەشەی زمانەوانی لای منداڵ:**

| ژ | بڕگەکان | ڕازیم | هەنێکجار | ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەگەشەی زمانەوانی لای منداڵ. | | | |
| ٢ | چیرۆك کار لەسەر زیادبوونی (سامانی ) زمانەوانی دەکات لای منداڵ. | | | |
| ٣ | چیرۆك سەرچاوەیەکی زمانەوانیە بۆ منداڵ. | | | |
| ٤ | چیرۆك توانای خوێندنەوە لای منداڵ زیاد دەکات. | | | |
| ٥ | بەکارهێنانی زمانی کوردی پاراو ڕۆڵ دەبینێت لە زیادکردنی بەدەستهاتە زمانەوانیەکان لای منداڵ | | | |
| ٦ | بەکارهێنانی زمانی کوردی سادە لە چیرۆك کارایی قسەکردن وگوێگرتن | | | |


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زیاد دەکات لای منداڵ. | | | |
| ٧ | منداڵان چیرۆك لە دروسکراوی خۆیان دەخوێننەوە. | | | |
| ٨ | منداڵان پرسیار لەسەر ئەوە دەکەن کە خوێندراوەتەوە بۆیان. | | | |
| ٩ | منداڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە پاش خوێندنەوەی چیرۆکە کە دەکرێت لێیان. | | | |
| ١٠ | منداڵان هەستەکانیان دەردەبڕن سەبارەت بە چیرۆکەکە. | | | |

**هاوپێچی ژمارە(٢)**

**ڕاسپاردەی تایبەت بە نمونەی لێکۆڵینەوەك**

| ژ | بڕگەکان | ڕازیم | هەنێکجار | ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چیرۆك بەیەكێك لەبنەما سەرەکیەکان دادەنرێت لە ژیانی منداڵ. | | | |
| ٢ | چیرۆك سەرچاوەی چێژو خۆشیە بۆ منداڵ. | | | |
| ٣ | چیرۆك ویستی منداڵ زیادەکات بۆ خوێندنەوە. | | | |
| ٤ | چیرۆك کار لەسەر پێشکەشکردنی چارەسەر دەکات بۆ کێشەکانی منداڵ. | | | |
| ٥ | ناوەڕۆکی چیرۆك و زمانی بەکارهاتوو کار لەسەر زیادبوونی ویستی منداڵ دەکات بۆ گوێگرتن. | | | |
| ٦ | منداڵ دەتوانێ لەرێگەی چیرۆکەوە هەستەکانی دەربڕێت. | | | |
| ٧ | مامۆستا منداڵ ناچار دەکات بۆ گوێگرتنی چیرۆك. | | | |
| ٨ | مامۆستا شوێن وکاتی ویستراو هەڵبژێرێت بۆ خوێندنەوەی چیرۆك. | | | |
| ٩ | مامۆستا بوار دەدات بەمنداڵان ، تاکو ئەو چیرۆکە هەڵبژێرن کە حەزیان لێیەتی. | | | |
| ١٠ | لەسەر مامۆستایە کە توانای هەبێت دەنگی بگۆڕێت لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا. | | | |
| ١١ | مامۆستا لەکاتی گێرانەوەی چیرۆك وێنەی ناو چیرۆکەکە پیشانی منداڵان دەدات | | | |
| ١٢ | مامۆستا سەیری منداڵەکان دەکات لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆك | | | |
| ١٣ | مامۆستا کار لەسەر گەشە پێدانی کارایی چارەسەری کیشەکانی منداڵ دەکات لە ڕێگەی چیرۆکەوە. | | | |
| ١٤ | چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەی هزری منداڵ. | | | |
| | | | | |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | چیرۆك ئەزمونێکی ڕاستەوخۆیە بۆ منداڵ لەرێگەیەوە فێردەبێت. | | | |
| ١٦ | چیرۆك توانای کۆمەڵایەتی منداڵ گەشە پێدەدات. | | | |
| ١٧ | چیرۆك کار لەسەر چاندنی بەها ئەرێنیەکان دەکات لای منداڵ. | | | |
| ١٨ | چیرۆك ئامرازێکی پەروەردەییە، کە منداڵ لەزۆربەی ئامرازەکانی دیکە باشتر دەری دەبڕێت. | | | |
| ١٩ | چیرۆك ڕۆڵی هەیە لەگەشەی زمانەوانی لای منداڵ. | | | |
| ٢٠ | چیرۆك کار لەسەر زیادبوونی (سامانی ) زمانەوانی دەکات لای منداڵ. | | | |
| ٢١ | چیرۆك سەرچاوەیەکی زمانەوانیە بۆ منداڵ. | | | |
| ٢٢ | چیرۆك توانای خوێندنەوە لای منداڵ زیاد دەکات. | | | |
| ٢٣ | بەکارهێنانی زمانی کوردی پاراو ڕۆڵ دەبینێت لە زیادکردنی بەدەستهاتە زمانەوانیەکان لای منداڵ | | | |
| ٢٤ | بەکارهێنانی زمانی کوردی سادە لە چیرۆك کارایی قسەکردن وگوێگرتن زیاد دەکات لای منداڵ. | | | |
| ٢٥ | منداڵان چیرۆك لە دروسکراوی خۆیان دەخوێننەوە. | | | |
| ٢٦ | منداڵان پرسیار لەسەر ئەوە دەکەن کە خوێندراوەتەوە بۆیان. | | | |
| ٢٧ | منداڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەکرێت لێیان. | | | |
| ٢٨ | منداڵان هەستەکانیان دەردەبڕن سەبارەت بە چیرۆکەکە. | | | |

**ماۆستای خۆشەویست:**

توێژەران دەیانەوێت لێکوڵینەوەیەك ئەنجام بدەن بەناونیشانی ( ڕۆڵی چیرۆك لە گەشە پێدانی پاراوی زمانەوانی لای منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان لە دیدی مامۆستایان) بۆ پێوستی توێژینەوەکە کە پێویستە ڕاپرسیەك بکرێت لای فێرخوازان ،لەبەرئەوە توێژەران هەستاون بە ئامادەکردنی ئەم راپرسیە بەو مەبەستە، توێژەران داواکارن لەبەرێزتان ڕاوبۆچوونی خۆتان لەسەر بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بدەن بە دانانی هیمای(√) لە شوێنی گونجاو لە بەرامبەر هەر بڕگەیەك .لەگەڵ ڕێزمان بۆ بەڕێزتان.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص البحث:**

تعدُّ قصص الأطفال إحدى الفنون الأدبية المهمة في أدب الأطفال، وإحدى وسائل التربية، ونمو القدرات العقلية ، والمهارات اللغوية للأطفال، فضلا عن إسهامه بشكل كبير في ترفيه الطفل وإسعاده، وذلك عند مراجعتهم العلاقات القائمة بين شخوص هذه القصص واندماجهم معها لدرجة إيجاد ذاتهم في إحدى هذه الشخصيات الفاعلة والمؤثرة، ومن المعلوم أنَّ جعل الطفل في رضىً وراحة منذ الطفولة عن طريق هذه القصص، يصبح دافعًا رئيسيًا في اهتمامهم بقراءة القصص، ومختلف الكتب في شتى التخصصات عند بلوغهم لسن الرشد، ونتيجة احتضان الأساتذة لهم، وتسهم هذه القصص في تخلص الأطفال من الانعزال والقلق والمخاوف والعقد الاجتماعية، الأخرى ويسهم في الحفاظ على سلامة لغتهم، ومن هنا تأتي أهمية البحث في اهتمامه بالطفولة، وقصص الأطفال، وتثقيفهم، كما أنّه يُعدُّ عاملًا مهمًا لتأسيس مستقبل زاهر لهم، وتأتي القصة في مقدمة الفنون الأدبية الأخرى، فلذلك فإنَّ أهمية هذا البحث تكمن في أهمية القصة ودورها في جميع مراحل نمو الطفل، فضلا عن أنَّ هذا البحث سيصبح مصدرا أساسيا من مصادر تربية الطفل في المكتبة.

ويهدف البحث إلى معرفة تأثير القصة على الحفاظ على فصاحة اللغة عند الطفل وسلامته، ولتحقيق ذلك كان لا بُدَّ منا الاستعانة بالمنهج الوصفي، وأظهرت النتائج أنَّ للقصة أثر كبير في الحفاظ على سلامة اللغة عند الطفل.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

Children's stories are one of the most important literary works in children's literature and one of the methods of education, the children's linguistic skills, as well as their contribution to children's entertainment and happiness, when reviewing the relationships between the characters of these stories and integration with them to the extent of finding themselves in one of these actors and influential. It is well known that making the child in the satisfaction and comfort since childhood through these stories, it becomes a major motivation in their interest in reading stories, and various books in various disciplines when they reach the age of adulthood, and contribute to these stories to get rid of children of isolation, anxiety, and fears of social contract , the other contributes to maintaining the integrity of their language, hence the importance of research shows the importance of children, children's stories, and educate them, and it is an important factor for the establishment of a prosperous future for them, comes the story at the forefront of other literary arts, hence the importance of this research lies in the importance of the story and its role in Glossy stages of a child's development, as well as this research will become a major source of child-rearing in the library.

The purpose of the research is to find out the effect of the story on maintaining the language fluency in the child and his safety. To achieve this, we must use the descriptive approach, and the results showed that the story has a significant impact on the maintenance of language integrity in the child.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)